# تۆ چیت؟

**"عەزیز نسین" لە ژیانی خۆی دەدوێ (١٩٦٨)**

**ناسر ئەمین نژاد لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی**



باوکم لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا لە گوندێکی «ئەنادۆڵ»ەوە هاتە «ئەستانبول». دایکیشم هەروا بە کچکەیی لە گوندێکی‌تری هەر ئەو ناوچەیە خۆی گەیاندبووە ئەستانبول. ئەم دووە دەبوو ئەو سەفەرە بکەن، دەنا چۆن دەیانتوانی لە ئەستانبول یەکتر بگرنەوە، زەماوەند بکەن و چۆن ئەمن دەمتوانی لە دایک ببم.

بە دەست خۆم نەبوو هەر بۆیە لە ڕۆژگارێکی زۆر ناڵەبار و لە قرێژترین ڕۆژەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩١٥، لە جێگایەکی زۆر خراپ بە ناوی «دورگەی هیبلی» لە دایک بووم. «هیبلی» هاوینەهەواری دەوڵەمەندەکانی تورکیەیە و لە نزیک ئەستانبوڵ هەڵکەوتوە. لەو شوێنەدا پوڵدارەکان ناتوانن بە بێ خەڵکی هەژار و نەدار بژین، ئێمەش لەو دورگەیەدا دەژیان.

بەم قسانەم نامەوێ بڵێم کە مرۆیەکی چارەڕەش بووم، نا، بە پێچەوانە زۆریش بەختەوەرم کە لە خێزانێکی دەوڵەمەند و بەگلەری ماقوڵزایە و سەربەدەرەوە هەڵنەکەوتووم.

ناوم «نەسرەت»ە، ئەمە وشەیەکی عەرەبییە و مانای «یارمەتی خودا» دەگەیەنێ. ئەم وشەیە زۆر لەگەڵ باری گوزەرانی خاوخێزانیی ئێمەدا یەکی دەگرتەوە، چونکا جگە لە یارمەتی خودا هیچ هیوایەکی دیکەیان شک نەدەبرد.

«سپارت»ە کۆنەکان منالە لاواز و بابردەڵەکانیان بە دەستی خۆیان دەکوشت، تەنیا منالە تۆکمە و بۆشناخەکانیان دەهێشتەوە. بەڵام ئەم ڕەوتی هەڵبژاردنە بۆ ئێمەی تورک، بە دەست سروشت و کۆمەڵگاوە بوو. ئەگەر پێتان بڵێم کە چوار برام هەر بە ساوایی سەریان نایەوە ــ چونکا نەیانتوانی بوو لە بارودۆخی زۆر ئەستەمدا گیان دەربەرن ــ ئەودەم تێدەگەن کە ئەمن چەندە سەرقورس بوویێتم کە گیانم دەرباز کردووە. بەڵام دایکم لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا سەری نایەوە و ئەم دنیا جوانەی بۆ بەهێزەکان بەجێهێشت.

هەلومەرج لە وڵاتانی سەرمایەداریدا بۆ بازرگانەکان باشە و لە وڵاتانی سوسیالیستیش بۆ نوسەران. بەو مانایە ئەگەر کەسێک عەقڵی ژیانی هەبێت دەبێ لە وڵاتانی سەرمایەداریدا خۆی بە بازرگانییەوە خەریک بکا و لە وڵاتانی سوسیالیستیشدا ببێتە نووسەر. بەڵام من سەرەڕای ئەوەی لە تورکیای کۆلکە سەرمایەدارییدا دەژیام و تاقە کەسێکیش لە ناو خێزانەکەماندا خوێندەوار نەبوو، بڕیارمدا ببمە نوسەر.

باوکیشم وەک هەموو باوکێکی باش کە منالەکانیان دەعاملێنن و شێوەی بیرکردنەوەیان فێردەکەن پێیوتم:« کورە ئەم عەقڵە گەوجانەیەی نووسین لە مێشکی خۆت دەرکە، بە تەنگ کارێکی باش و شەرافەتمەندانەوە بە، تا بتوانی پێوەی بژیت» بەڵام من بە گوێم نەکرد.

سەرقورسییەکانی من هەروا درێژەی هەبوو. هیوام ئەوە بوو قەڵەم بە دەستەوە بگرم، ببمە نوسەر، کەچی چومە قوتابخانەیەک کە تفەنگیان دایە دەستم.

لە ساڵەکانی یەکەمی ژیانمدا نەمتوانی ئەو کارانە بکەم کە دڵم پێیانەوە بوو، حەزم لەو کارانەش نەبوو کە دەمکردن. دەمەویست ببمە نووسەر، بەڵام لە سەربازی سەرم دەرهێنا. ئەودەم قوتابخانەی سەربازی تاقە دەرفەت و شوێنێک بوو کە منالانی هەژار و بێئەنوا دەیانتوانی بەخۆڕایی دەرسی تێدا بخوێنن، بۆیە بەناچار ڕێگای یەکێک لەو قوتابخانانەم گرتە بەر.

**ساڵی ١٩٣٣**

وەک هەمیشە درەنگوەخت گەیشتمەجێ. ئەمجارە هەموو ناوە جوانەکان تەواو ببوون، هیچ ناوێکی خێزانیی نەمابوو کە بتوانم شانازی پێوە بکەم. بەناچار «نسین»م هەڵگرت. «نسین» یانی "تۆ چیت". هەرکات کە ناوم دەبەن بیر لەوە دەکەمەوە کە لە راستیدا من چیم.

لەساڵی ١٩٣٧دا بوومە ئەفسەر، بووم بە ناپلئۆن. بڕوام پێناکەن؟! تازە من یەکێک لە ناپلئۆنەکان بووم. هەموو ئەفسەرە نوێکان پێیانوابوو کە ناپلئۆنن. هەندێکیان ئەم نەخۆشییەیان لەکۆڵ نەبوەوە و هەتا مردن لەگەڵ خۆیان راکێشیان کرد. ژمارەیەکیش پاش ماوەیەک لە ئەستۆی خۆیان داماڵی. «ناپلئۆنیزم» نەخۆشییەکی پرمەترسییە و خەڵکی دیکەش دەیگرنەوە، نیشانەکانی ئەمانەن: ـ نەخۆشەکان تەنیا بیر لە سەرکەوتنەکانی ناپلئۆن دەکەنەوە، نەک تێکشکانەکانی. ئەوانە نەخشەی دنیا لەبەر دەمی خۆیاندا دادەنێن و بە قەڵەمێکی سوور و بە پێنج دەقیقە هەمووی داگیر دەکەن، پاشان خەمی ئەوە دایاندەگری کە بۆچی دنیا هێندە بچوکە. ئەوانە لە کەسێک دەچن کە یاویان هەیە و گەرم داهاتوون و دەڕاوێنن. مەترسی دیکەش هەن. لە قۆناغەکانی دواتردا لەوانەیە بیر لەوە بکەنەوە کە بوونەتە تەیمورە شەل، چەنگیزخان، ئاتیلا، هانیبال یاخود تەنانەت هیتلەر.

من وەک ئەفسەرێکی تازەکورەی بیست و دوو سێ ساڵە لە ماوەیەکی کورتدا بە میدادێکی سوور دنیام داگیر کرد. گرێی ناپلئۆنییەکەم یەک دوو ساڵێکی پێچوو. هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە لەو ماوەیەدا قەت هیچ مەیلێکم بەرەو فاشیزم نەبوو.

لە منالّیەوە حەزم لەوە بوو کە ببمە شانۆنووس. لە ئەرتەشدا بەشی شانۆ لەگۆڕێدا نەبوو، هەر بەشی پیادەنیزام، تانگ و تۆپخانەمان هەبوو، بۆیە بە شوێن رێگا و دەرفەتێکەوە بووم کە بتوانم لێی بێمەدەر و ئاخریەکەی لە ساڵی ١٩٤٤دا رزگاریم هات.

هەندێک لە ئەفسەرەکان تەنانەت پاش ئەوەی دەبن بە ژنراڵیش مەراقی نووسینی شێعر یان رومانیان لە دڵدایە، هەڵبەت بۆ پێخۆشبوونی خەڵکی دیکە



نەک خۆیان. بەلام ئەگەر شاعیرێکی پەنجا ساڵە بیهەوێ ببێتە فەرماندەی ئەرتەش، ئەمە بە کارێکی گەوجانە و بێمانای لەقەڵەم دەدەن.

ئەمن هەر لەسەردەمی سەربازییەوە نووسینی داستانم دەستپێکرد. ئەودەم ئەگەر سەربازێک شتێکی بۆ رۆژنامەکان دەنووسی لەگەڵ لالووتی "پێشقەڕاوڵەکان" بەرەورووەدەبوەوە، هەر بۆیە بە ناوی خۆمەوە نەمدەنووسی، ناوی باوکم واتە «عەزیز نسین»م لەسەر نووسراوەکانم دانا و ئیتر ناوەکەی خۆم «نەسرەت نسین» کوێربووەوە.

ئەوان منیان وەک نووسەرێکی لاو دەناسی، لەحاڵێکدا باوکم پێر بوو. جارێکیان بۆ راپەڕاندنی کارێکی خۆی سەردانی دایرەیەکی دەوڵەتی کردبوو، کاتی وتبووی ناوم «عەزیز نسین»ە باوەڕیان پێنەکردبوو. هەڵبەت ئەو فەقیرە تا دوا هەناسەی ژیانی هەر لە تەقەلای ئەوەدا بوو کە بیسەلمێنێ ناوی «عەزیز نسین»ە.

ساڵانی دواتریش، ئەودەم کە کتێبەکانم وەرگێڕدرانە سەر زمانی دیکە و دەمەویست مافی نووسراوەکانم کە بە ناوی «عەزیزنسین»ەوە بوو، وەربگرم، تووشی گێچەڵی زور هاتم و دەبوو تا ماوەیەکی زۆر هەوڵ بدەم ئەوە بسەلمێنم کە ناوم «عەزیز نسین»ە، هەرچەند لە ناسنامەشدا «نەسرەت نسین»بم.

ئەم رۆژانە کەسانێکی زۆر فێزی ئەوە لێدەدەن کە شاعیرن، پێیانوایە ئەو شتەی دەیڵێن شیعرە، ئەمانە بۆیە وا بیردەکەنەوە چونکا بایەخێک بۆ شیعر دانانێن. من پێموایە شاعیر بوون فەن و هونەرێکی مەزنە، چونکا زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە شاعیرێکی باش دەرنەچوون، مەجبوور بوون ببنە نووسەرانێکی ناسراوی سەرکەوتوو. من ئەمەم لەبەر خۆم نیە کە دەیڵێم. من نیشانم داوە کە چۆن دەکرێ شیعری خراپ بگوترێ. سەرەڕای ئەوەش شیعرەکانم سەرنجێکی زۆری راکێشاوە، ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە زۆر جوان و رێکوپێکن، بەڵکو لەبەر ناوی ئەو ژنەیە کە لە کۆتایی شیعرەکانمدا هاتووە. ئەمن شیعرەکانم بە ناوی خوازراوی ژنێکەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەمە وای کرد نامەیەکی زۆری دڵدارانە بۆ ئەو ژنە بنوسرێ.

هەر لە منالّیەوە پێمخۆشبوو شتێک بنووسم کە فرمێسک لە چاوی خەڵک بگەڕێنێ. بەم مەبەستە بەسەرهاتێکم نووسی و ناردم بۆ گۆڤارێک، سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بە پێچەوانە لێیتێگەیشتبوو، لەجیاتی گریان دابووی لە قاقای پیکەنین، پاش ئەویش هەموان کەوتبوونە پێکەنین، دواتر ناچار بوو فرمێسکەکانی بسڕێتەوە و بڵێ، زۆر باشبوو، دیسان لەم بەسەرهاتانەمان بۆ بنووسە.

ئەم ڕەوتە لە نووسینەکانمدا هەوا درێژەی پەیدا کرد. خوێنەری بەرهەمەکانم بە زۆربەی ئەو بابەتانە پیدەکەنین کە بۆ گریاندنیان نووسیومە. ڕاستتان گەرەکە پاشانیش کە وەک نووسەرێکی تەنزنووس ناسرام ، هەر نەمدەزانی تەنز چییە و بەری چ دارێکە. تەنانەت ئێستاش نازانم بڵێم چییە. من نووسینی تەنز لە کردنەکەیەوە فێر بووم. زۆرجار وام لێدەپرسن کە تەنز چییە، تۆمەز نوسخە و فورمولێکی بەدانستەیە، من هیچ فورمولێک شک نابەم، ئەوەندەی دەزانم کە تەنز بابەتێکی جیدییە.

حکومەت لە ساڵی ١٩٤٥ دنەی هەزاران کۆنەپەرستی دا، تا ڕۆژنامەی «تان» لە نێوبەرن. منیش لەوێ کارم دەکرد و پاشان ئەویشم چوو. ئەوانە هیچ نووسراوەیەکیان بە ناوی منەوە وەرنەدەگرت، هەر بۆیە بە ناوی زیاتر لە دووسەد کەسی جۆربەجۆرەوە بابەتم بۆ ڕۆزنامەکان دەنووسی. هەر لە سەروتار و نەقڵ و قسەی خۆشەوە بگرە هەتا ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن و بەسەرهات و ڕومانی پۆلیسی. هەر ئەوەندەی خاوەن ڕۆژنامە دەیزانی ئەوە منم، خێرا ناوێکی دیکەم دەدۆزیەوە و ئەوی کۆنم فڕێ دەدا.

ئەو ناوە داتاشراوانەم شتی جۆربەجۆری لێکەوتوونەتەوە... بۆ نمونە بە تێکهەڵکێشیک لە ناوی کچێک و کوڕێک، ناوێکی خوازراوی «ڕوئیا ئاتەش»م ساز کرد بوو، بەم ناوەوە کتێبێکم بۆ منالان نووسی، حکومەت ئاگای لەمە نەبوو، هەر بۆیە لە هەموو قوتابخانەکانی منالاندا کەڵکیان لێوەردەگرت. تەنانەت ناوی «ڕوئیا ئاتەش» وەک نووسەرێکی ژن چووە ناو کتێبنامەی نووسەرانی ژنی تورک و بڵاوکرایەوە.



جارێکی دیکە سەربردەیەکم بە ناوێکی خوازراوی فەرانسەییەوە، لە گۆڤارێکدا بڵاوکردەوە، دواتر دیتم لە گوڵبژێرێکی تەنزەکانی دنیادا وەک تەنزێکی فەرانسەیی لەقەڵەم درابوو.

داستانێکی دیکەشم هەبوو کە بە ناوێکی ساختەی چینییەوە بڵاوم کردبووەوە، دواتر بینیم کە لە گۆڤارێکی دیکەدا وەک وەرگێڕدراوێک لە زمانی چینییەوە بڵاو کراوەتەوە.

لەو ماوانەشدا کە نەمدەتوانی شت بنووسم زۆر کاری دیکەشم تاقیکردوونەتەوە، وەک وردەواڵە فرۆشی و دەستگێڕی، حسابداری، ڕۆژنامەفرۆشی و وێنەگری. هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە هیچکامیانم بە باشی نەبردۆتە پێش.

لەسەر نووسراوەکانم ماوەی پێنج ساڵ و نیو گیراوم. شەش مانگی ئەو ماوەیە لەبەر داوی «مەلەک فاروق» پاشای میسر و ڕەزاشای ئێران بوو. ئەوانە وتبوویان ئەمن سووکایەتیم پێکردوون. لە ڕێگای سەفیرەکانیانەوە لە ئانکارا منیان ڕاکێشی دادگا کرد و شەش مانگیان بە کۆڵمدا دا.

یەکەمجار لە ساڵی١٩٤٦دا گیرام. پۆلیس شەش ڕۆژی تەواو منی هێناوبرد و داوایان دەکرد ناوی ڕاستەقینەی ئەو نووسەرەیان پێ بڵێم کە بەناوی منەوە نووسراوە بڵاو دەکاتەوە. ئەوان باوەڕیان نەدەکرد کە خۆم نووسیبێتم.

دوای تێپەربوونی نزیکەی دوو ساڵی ئەم شتە بە پێچەوانە وەرسووڕایەوە، پۆلیس ئەمجار ئیدعای دەکرد کە بەناوی دیکەشەوە بابەتم بڵاوکردۆتەوە. جاری یەکەم هەوڵم دەدا بیسەلمێنم کە نووسراوەکان هی خۆمن، بەڵام ئەمجار دەمەویست نیشانی بدەم کە پێوەندییان بە منەوە نیە. کەچی لەپڕێکا سەروکەڵلەی شاهیدێکی " فرەزان" پەیدا بوو، لە ملی خۆی دا کە من نووسراوەیەکم بە ناوێکی دیکەوە بڵاوکردۆتەوە. هەر بەم بەڵگەیە لەسەر شتێک کە ئاگام لیی نەبوو شەش مانگیان بەسەرا سووم.

بۆجاری یەکەم لە ژێر ورشەوبریقەی شمشێری دۆستە ئەفسەرەکانم و بە هەرای گۆرانی «تانگۆ» ژنم گوێستەوە، بەڵام لە جاری دووهەمدا لە پشت

تەلبەندی زیندانەوە ئالقەی هاوسەریەتیم دا بە خێزانم. هەروا کە دەبیینن دەسپێکیکی پڕشنگدار نەبووە.

لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کێبەرکێی جیهانیی تەنز بووم بە یەکەم و خەڵاتی «دارخورمای زێڕین»م بۆ دەرچوو. ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە شتەکانی منیان چاپ نەدەکرد، ئەمجار سەرودەستی خۆیان بۆ دەشکاند. بەڵام ئەم وەزعەش زۆری نەخایاند.

جارێکی دیکە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم یاساخ کران... لە ساڵی ١٩٥٧دا مەجبور بووم دیسان «دارخورمای زێڕین» ببەمەوە، تا جارێکی دیکە ناوم بچێتەوە ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. لە ساڵی ١٩٦٦دا کێبەرکێی جیهانیی تەنز لە بولغارستان بەڕێوە چوو، لەوێشدا بووم بە یەکەم و خەڵاتی ژیشکی زێڕینم وەرگرت.

لە دوای شۆرشی ٢٧ی مانگی مای ١٩٦٠ لە تورکیە، بە دڵخوازی خۆم یەکێک لە دارخورما زێڕینەکانم بە خەزانەی دەوڵەت بەخشی، چەند مانگ دوای ئەم ڕووداوە لە زیندان توندکرامەوە. ژیشکی زێڕین و دارخورمای زێڕینی دووهەمیشم بۆ ڕۆژە خۆشەکانی داهاتوو هێشتۆتەوە، بەخۆم وت، بێگومان بۆ ڕۆژی خۆی بەکەڵک دێن.

خەڵک پێیان سەیرە کە تا ئێستا زیاتر لە دووهەزار بەسەرهاتم نووسیوە، بەڵام لە ڕاستدا ئەمە هیچ سەرسووڕمانیکی ناوێ. ئەگەر خێزانەکەم لەجیاتی دە کەس بیست کەس بوونایە، ناچار دەبووم پتر لە چوارهەزار بەسەرهات بنووسمەوە. ئێستا ٥٣ساڵ تەمەنمە و زیاتر لە ٥٣ کتێبم نووسیوە و چوارهەزار لیرەش قەرزدارم، چوار مناڵ و نەوەیەکم هەیە، دووجار ژنم هێناوە لەهەر کامەیان دوومناڵم بووە. ئێستا بە تەنیا دەژیم. وتارەکانم بە بیست و سێ زمان و کتێبەکانیشم بە حەڤدە زمان بڵاوکراونەتەوە، شانۆکانیشم لە حەوت وڵاتدا نمایش دراون.

تەنیا دەتوانم دوو شت لە خوێنەرەکانم بشارمەوە، یەکەم ماندووئییە و دووهەم تەمەن. جگە لەم دووانە هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانم ئاشکرا و ڕوونە و لەسەر لەپی دەستە. پێم دەڵێن باش ماویتەوە و گەنجتر لە تەمەنت



دیاری دەکەی، ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە هێندە کارم زۆرە دەرفەتی پیربوونم نیە.

هیچ کات بە خۆمم نەوتوە کە ئەگەر جارێکیتر بێمەوە سەر ئەم زەمینە هەر ئەو کارانە دەکەمەوە کە کردوومن. ئەگەر وابا، پێمخۆشبوو زیاتر لە جاری یەکەم هەوڵ بدەم، زۆر زۆر زیاتر و زۆر زۆر چاکتر.

ئەگەر لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا تاقە کەسێکی نەمر هەبا، شوێنی دەکەوتم تا ڕێنمایم بکات، چۆن بکەم هەتا مردن رووم تێنەکا. بەداخەوەم کە تا ئێستا شتێکی وا شک نابەم. خەتای من نیە، ناچارم وەک هەموان بمرم، لەم بابەتەوە تا بڵێی تووڕەم، چونکا ئەوین و خۆشەویستی ئینسانەکان و مرۆڤایەتیم لە دڵدایە.

ئەمە سەربردەیەکی ناتەواوی تا ئێستای منە. دەزانم کە خوێنەرەکان لە نووسراوەی دوورودرێژ وەڕیز و ماندون، هەربۆیە پێموایە سەرئەنجامی بەسەرهاتەکەی منیش زۆر دووردرێژ نابێت. ئەمن قەت لە کۆتایی ئەم بەسەرهاتە ناگەم. ئەمە ئەو شتەیە کە پێمخۆشە خوێنەرەکانم بیزانن.